تصوير ابو عبد الرحمن الكردي

عومەر مەعروف بەرزنجی

نوربەخشی

شیعرەکانی مەلیکی کوردستان شێخ مەحموودی بەرزنجی

2006

نوربەخشی

شـــیعرەکـــانی مـــەلـــیـــکی کـــوردستـــان

شێخ مەحموودی بەرزنجی

عومەر مەعروف بەرزنجی

کـــۆی کـــردووەتەوە و دوای ســـاغکـــردنـــەوە

پێشـــەکی و پەراوێزی بۆ نووسیوە

2006

ناوی کتێب : نوربەخشی ...
شیعرەکانی مەلیکی کوردستان شێخ مەحموودی بەرزنجی
کۆکردنەوەو ئامادەکردنی : عومەر مەعروف بەرزنجی
تایپ : ئاراس عەبدولقادر مەعروف بەرزنجی
نەخشەسازی : دیار عومەر فەرەج و فازیل هیمەت
بەرگ : ئەندازیار سامان محەمەد ساڵح
چاپی یەکەم : 2006 سلێمانی
چاپخانە : شڤان
ژمارەی سپاردن : (٩٣٧) ی ساڵی 2006
تیراژ (٢٠٠٠) دانەی لێ چاپکراوە

پێشکەشە

بە گیانی پاکی خوالێخۆشبوو مەعروف ئەحمەد بەرزنجی باوکم
کە هاوەڵ و دۆستێکی نزیکی شێخی نەمری بەردەقارەمان بوو

نوربەخشی

شیعرەکانی مەلیکی کوردستان شێخ مەحموودی بەرزنجی

لەبڵاوكراوەكانی

(پەنجا هەمین ساڵیادی كۆچی دوایی یەكەم مەلیكی كـــــــوردستان

شێخ مەحموودی بەرزنجی)

شاهبازێ بووم لەمەیدانی شکاری دوژمنا
جەهلی میللەت بوو بەزیللەت هات بەسەر شانی منا

شێخ مەحموودی بەرزنجی وەك شاعیرێك

شێخ مەحموود کوڕی شێخ سەعیدی کوڕی شێخ محەمەد (بچکۆلە) ی کوڕی کاك ئەحمەدی شێخ کوڕی شێخ مارفی نۆدێی بەرزنجییە ، بە پێی وتەی خۆی ساڵی 1886 لە شاری سلێمانی لە دایکبووە (1) لە شەوی 9/10 -10-1956 لە خەستەخانەی حەیدەرییەی شاری بەغداد ماڵئاوایی لە ژیان کردو لە مزگەوتی گەورەی شاری سلێمانی بە خاك سپێردراوە .

ئاوڕدانەوەیەك :

لە مێژووی دوور و نزیکی نەتەوەی کورددا شێخ مەحموودی بەرزنجی یەکەم مەلیکی کوردستانە و لە سێ کاتی جیاواز و نزیك بە یەك فەرمانڕەوایی باشووری کوردستانی کردووە ، حوکمداریی یەکەم لە 1918/11/17 تا 1919/6/18 کە بە شەڕی دەربەندی بازیان کۆتایی هات و شێخی نەمر بۆ هیندستان دوورخرایەوە . دووەم حوکمداریی لە دوای گەڕانەوەی لە ئاوارەیی و لە ڕۆژی 1922/10/9 دەستپێدەکات و تا شەوی 3/4 -3-1923 بەردەوام بوو ، لەوشەودا شاری سلێمانی بەجێهێشت و بە جەنگاوەرەکانییەوە ڕووی کردە ناوچەی سورداش . سێیەم حوکمداریی لە دوای گەڕانەوەی لە تەموزی 1923 تا ڕۆژی 1924/7/9 کە بۆ دواجار سلێمانی چۆڵکردو گەیشتە ناوچەی پیران و ساڵی 1927 ڕێکەوتننامەیەك مۆرکراو دواتریش ساڵی 1931 بە

شەڕی ئاوباریك كۆتایی بە ژیانی سیاسی هات و ئاوارەی شارەكانی باشوورو ناوەڕاستی عێراق كرا .

بنەماڵە :

شێخ مەحموودی بەرزنجی لە لانكە و بنەماڵەیەكی دیارو خوێندەوار و زانست پەروەری كوردستاندا چاوی كردووەتەوە ، شێخ سەعیدی باوكی شاعیر بووە و بەرهەمی جوانی لەبەردەستدان ، كاك ئەحمەدی شێخ و شێخ مارفی نۆدێ لە زاناو نووسەر و مونەوەرەكانی جیهانی ئیسلامی بوون ، هەریەكەیان خاوەنی لیستێك كتێب و دانراوی هەمە چەشنەن ، هەندێكیان چاپكراون و بەرهەمی چاپنەكراویشیان زیاترە ...

شیعرو ئەدەبیات :

شێخ مەحموود (وەك سەردارێكی تەریقەتی قادری پەیوەندی بە شیعرو ئەدەبەوە بەهێز بووە ، چونكە ئەدەبی كوردێ هەناسەی بەهێزو گەرمی لە بزوتنەوەی سۆفیزم وەرگرتووە ، لە حوجرەی خوێندنی مزگەوتەوە چێژی ئەدەبی لای شێخ مەحموود دروستبووە ، (2))

لە لایەكی ترەوە وەك مەلیكی كوردستان و سەردارێكی گەورە تەنیا پەیوەندی بە سیاسی و فەرماندە وجەنگاوەرەكانییەوە نەبووە ، بەڵكو لەگەڵ شاعیرو نووسەرو ڕوناكبیرە ناسراوەكانی ئەو ڕۆژگارەدا

ئاشنا بوون و لەیەکەوە نزیکبوون و تەنانەت هەندێکیشیان لە شەڕو کارە سیاسییەکاندا هاوکاری بوون وەك (حەمدی و ناری و شێخ نووری شێخ سالح و بێخودو شێخ ئەحمەدی شێخ غەنی و شوکری فەزلی و حسێن نازم و ڕەفیق حیلمی و توفیق وەهبی و شێخ سەلام و ئەحمەد خواجا و ئیسماعیل حەققی شاوەیس و عەلی باپیر ئاغا) و کەسانی تر .

بواری ڕۆژنامەنووسی :

یەکێك لە ڕووە درەوشاوەکانی ژیان و هەڵسووڕانی شێخ مەحموود ، ئاوڕدانەوەو بایەخدانێتی بەکاری ڕۆژنامەنووسی و لە ماوەی هەرسێ حوکمدارییەکەیدا و بە یاریدەی دەستەیەك لە ڕوناکبیرو شاعیرانی کورد ، چوار ڕۆژنامەی ناوداری لە مێژووی ڕۆژنامەنووسی کوردیدا بەڕێوەبردووە . ئەم کارەیشی تەنیا لە بارودۆخی ئاشکرای حوکومەتەکەیدا نەبووە ، بەڵکو لە کاتی دەربەدەری و شەڕ و ناخۆشیدا بە پەرۆشەوە ئەم لایەنە ڕوناکبیرییەی کەلا نەخستووە ، وەك : بانگی کوردستان ١٩٢٢ ، ڕۆژی کوردستان ١٩٢٢ ، بانگی حەق ١٩٢٣ ، ئومێدی ئیستیقلال ١٩٢٤ ، تەنانەت کە (لە شەوی ٣/٤ -٣-١٩٢٣ دا بە ناچاری بەخۆی و هێزەکەیەوە کشایەوە ناوچەی سورداش و ئەشکەوتی جاسەنەی کردە بنکەو مەڵبەندی سەرکردایەتی خۆی ، ئەوەی لە یاد نەکرد کە ئەو چاپخانەی – بەلەدییە – ی پێشتر ڕۆژنامەی ڕۆژی کوردستان ی

پێچاپ دەکرد بەجێی نەهێڵێ و بیگەیەنێتە هەواری تازەی ، بە مەبەستی بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەیەکی کوردی (٣) و دیارە (ئەمەیش بۆ خۆی گەورەترین بەڵگەی بەرزبوونەوەی بایەخی ڕۆژنامەنووسییە لە ژیانی سیاسی و کۆمەلایەتی ئەو قۆناغەی گەلی کورددا (٤)) و (لەڕۆژی ١٩٢٣/٣/٨ دا بەو چاپخانەیە بەیانی ژ (١) ی چاپکردو تیایدا ئینگلیزەکانی بە بێ بەڵێن ناوبردووە ، دواتر لە ڕۆژی ١٩٢٣/٣/٢٨ دا یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی – بانگی حەق – ی بە دوو لاپەڕە و قەوارەی ٢١*٣٣ سم لە ئەشکەوتی جاسەنە بڵاوکردەوە و لە ژێر ناونیشانی ڕۆژنامەکەدا نووسراوە : ناشکێ بە تۆپ و بۆمبا سەرفرازە بانگی حەق (٥)).

نامەنووسین :

نامەی تایبەت کە بە شێوازێکی ڕەوان و ناوەڕۆکێکی پەسەند ڕازابێتەوە جۆرێکە لە ئەدەب . شێخ مەحموودی بەرزنجی لەم بارەیەوە دەستێکی بالای هەبووە و لاپەڕەکانی ژیانی دەوڵەمەندن ، هەندێ لە نامەکانی شێخ بۆ کەسایەتییە ناسراوەکانی کورد و نووسەر و شاعیرە دڵسۆزەکانی ڕۆژگاری خۆی پارێزراون ، ئەوەی ویستویەتی دەری بڕیوە و شێوازی تایبەتیشی هەبووە ، زۆرجار لە کۆتایی نامەدا دێڕێك شیعر یا (چوارین) ێکی نووسیوە و هەست و ڕازی دەروونی ئاشکرا کردووە ، نامەکانی شێخی نەمر بۆ ئەو کەسانە نێرراوە کە پەیوەندییەکی پتەوی پێیانەوە هەبووە ، وەکوو

سەرداری هەورامان مەحموود خانی دزلّی و سەرداری مەریوان مەحموود خانی کانی سانان و حاجی بابە شێخ سەرەك وەزیرانی کۆماری کوردستان و شێخ عەبدولقادری دۆزەخدەرە و شێخ عەبدولکەریمی قادرکەرەم و سەید محەمەدی جەباری و کەریم بەگی فەتاح بەگی هەمەوەند و حسێن نازم و رەفیق حیلمی و مەعروف جیاوك و ئیسماعیل حەققی شاوەیس و شێخ محەمەدی خاڵ و شێخ محێدینی هەولێر و زۆری تریش .

چاپکردنی دەستنووس :

دوای شەڕی (ئاوباریك) ی مایسی ۱۹۳۱ شێخی نەمر بۆ شارەکانی باشوورو ناوەڕاستی عێراق دوورخرایەوە ، دواتریش لە ساڵی ۱۹۳۳ لە شاری بەغداد گیرسایەوە ، شێخ لەو ڕۆژگارەدا بیری لە پرۆژەیەکی خوێندەواری و چاپکردنی دەستنووسەکان کردووەتەوە ، بۆ ئەم مەبەستەیش چەند کتێبێکی لەسەر ئەرکی خۆی چاپ و بڵاوکردووەتەوە ، کتێبەکان کەم نین ، بەڵام ئەوەی لێی ئاگادارم و لام پارێزراوە دوو کتێبی بە نرخە لە دانراوەکانی شێخ مارف نۆدێ و کاك ئەحمەدی شێخ . لەسەرەتادا و ساڵی ۱۹۳۳ کتێبێکی شێخ مارف نۆدێی بە ناونیشانی (كتاب تخميس القصيدة البردية مع ترجمة حال المؤلف) بڵاوکردەوە ، کتێبەکە ٥٦ لاپەڕەیە و پێنج خشتەکییەکە لەسەر قەسیدەی (بوردية) ی (بوصيری) . لەم کتێبەدا بە درێژی مێژووی ژیانی شێخ مارف نۆدێی تێدایە و لە یەکەم لاپەڕەیشدا بە وێنەیەکی شێخی نەمر ڕازاوەتەوە . کتێبی

دووەم بریتیە لە (كتاب مكتوب أمر و نهي) كە لە دانراوەكانی حاجی كاك ئەحمەدی شێخە و ساڵی ١٩٣٦ بە قەبارەی ٣٥٤ لاپەڕەو لە چاپخانەی (الغري) ی نەجەف چاپكراوە ، كتێبەكە دوانزە نامیلكەیەو بە زمانی فارسییە .

شێخ مەحموود و شیعر :

ئەم كۆمەڵە شیعرەی كە لەم كتێبەدا بڵاوكراونەتەوە ، ڕستێك پەراوێزی دروست و زانیاری مێژوویی و ئەدەبییان خراوەتە پاڵ ، بریتیە لە شیعرەكانی مەلیكی كوردستان شێخ مەحموودی بەرزنجی (نوربەخشی) ١٨٨٦-٩/١٠/١٩٥٦ كە لە ڕۆژگارێكی تایبەتی ژیانی خۆی و نەتەوەكەیدا ویستویەتی سۆز و ناڵەی دەروونی بخاتە سەر كاغەز و چەند لاپەڕەیەكی ڕەنگین لە مێژووی ئەدەبی كوردیدا تۆمار بكات ، شیعرەكان لە كاتی تایبەتی و بۆنەی جیاوازدا نووسراون و بە ژمارە زۆر نین ، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا ئەم كۆمەڵە شیعرە (دەیكا بە شاعیرێك كە مێژووی ئەدەب ناوی بپارێزێ و خوێندەوار چێژ لە شیعری وەربگرێ(٦)) و لەڕووی ڕووخسارو ناوەڕۆكەوە بەم جۆرە دێنە بەرچاو : (لەڕووی ڕووخسارەوە شیعری لەسەر سیستمی عەروزی داناوە ، كێشە سووكەكانی بەحری عەروزی هەزەج و ڕەمەلی بەكارهێناوە ، لەقافییەدا هەمیشە لەسەر یەكێتی قافیە ڕۆیشتووە ، شیعری بە ژمارەی دێڕ كورتە ، لە بابەتی لیریكە ، لە شیعردا قەسیدەی پێنجینی هەیە ، بایەخ بە چوارین و تاك دراوە ، زمانی

شیعری شێخ مەحموود ئاسانە ، مانا لە ڕووە ، لە سیمبۆلیزم و مانای ژێر وشە دوورە ، بەرهەمێکە بۆ زۆرترین خەڵکی ناو کۆمەڵ نووسراوەتەوە(٧) .) بەلاّم (لە ڕووی ناوەڕۆکەوە لە دەوری بیر و بۆچوون و ئیدیۆلۆجییەتێکی دیاریکراو دەسووڕێتەوە ، شێخ بایەخی بە دانایی داوە ، بە لایەوە گەورە ئەو سوارچاکەیە سەر بۆ هیچ کەسێك شۆڕ نەکا ، بە شێوازی دڵداری کۆن لە بیروباوەڕی دانایی و ئامۆژگاری دەدوێ ، شیعری بۆنی دڵداری ژنی لێنایە ، زیاتر خەریکی ڕەوشتی چاك و ژیانی ئازادی و ئامۆژگاری و سەربەرزی پیاوانەیە ، شێخ لە کردەوەی گەردون ناڕازییە ، هۆی سەرنەکەوتنی لە هەموو کەسێکدا دەبینێ ، لە خۆیەوە دەستپێدەکات ، ئینجا خەڵکی دیکە و تا دەگاتە هاوسێیان و هێزی بێگانەی ئیمپریالیستی ئینگلیز و هێزی تورکە کەمالییەکانی دوای دروستبونی دەوڵەتی تورکیا لە پاش جەنگی یەکەمی گێتی(٨)) .

لەلایەکی ترەوە شێخ مەحموودی بەرزنجی کەسێکی ئاسایی نەبووە کە ژیان لە شوێنێکی ئارامدا بەسەرببات و سەرومڕ شیعر بکاتە کارو خولیای ڕۆژانەی ، بەڵکو سەرتاپا ژیانی لە بێشکەی دارەوە تا بێشکەی خاك بریتی بووە لە ناخۆشی و ئاوارەیی و هەرساتەی لە شوێنێك گیرساوەتەوە ، جگە لەمانەیش خەباتکارو جەنگاوەرو پێشەواو مەلیکی کوردستان بوو ، بەم هۆیەوە بۆی نەلواوە کە پەری شیعر هەردەم ببێتە میوانی و ژیانی بۆ ئەم مەبەستە تەرخان بکات .
بەلاّم لەگەڵ ئەمانەیشدا بەهۆی ئەو خوێندەواری و ژینگە تایبەتییەو

چێژو بەهرە خۆڕسکەوە بە پێی کات و دەرفەت لە شیعر تەریك نەبووە و سۆزی دەروونی لەم ڕێگەیەوە بەخش کردووە ، شیعرەکانیشی لە ئاستێکی ئەوتۆدان کە لە بەرهەمی شاعیرانی ڕۆژگاری خۆی کەمتر نین ، بەڵکو هەستە نەتەوایەتییەکەی زۆرجار لەوان بالاترە و شیعرەکانی لە دایکبووی ئەو ڕۆژگارە تاڵەن .

ئەم دیوانە :

ئەم دیوانە خنجیلانەیەی مەلیکی کوردستان ، ئەنجامی هەوڵ و سۆراخ و گەڕانێکی بەردەوامە ، چونکە شیعرەکانی شێخی نەمر پەرەوازەن و تۆمارنەکراون ، ئەو چەند دێڕانەیش کە جاروبار لە ڕۆژنامە و چاپەمەنییەکاندا بڵاوکراونەتەوە ، هەڵەیەکی زۆریان تێکەوتووە و دەستاودەست بە هەڵە وەرگیراون ، ئەوەی ئاگادارم کە یەکەم شیعری بڵاوکراوەی شێخ مەحموود دەگەڕێتەوە بۆ ژ (٢) ی گۆڤاری (هەتاو) ی مانگی مایسی ساڵی ١٩٥٤ کە لە لایەن خوالێخۆشبوو (گیوی موکریانی) یەوە بڵاوکراوەتەوە ، دووەم جاریش خوالێخۆشبوو (محەمەد گۆمڵەی نانەوا) دوو کۆپلەی لە ژ ١٣٦٤ ی ڕۆژی پێنج شەممەی ڕێکەوتی ١٠-١٠-١٩٥٧ ی ڕۆژنامەی (ژین) دا بڵاوکردۆتەوە ، دواتریش لەم ڕۆژنامەو لەو گۆڤار تاکوتەرا دێرە شیعر بڵاوکراونەتەوە کە لە یەکتر وەرگیراون و لە هەڵەیش ڕزگاریان نەبووە .

لەمێژەوە بەم کارەوە خەریکم ، دەیان دەستنووسی کۆنم پشکنیوە ، چەندین سۆراخم کردووە ، بەڵام مەرج نییە کە ئەم دیوانە سەرجەم شیعرەکانی شێخی نەمر بن ، ڕەنگە هەندێکیان فەوتابن ، یان دەست ئێمە نەکەوتوون ، بەڵام لەوە دڵنیام کە زۆرینەی شیعرەکان لێرەدا تۆمار کراون و بە ڕووسوورییەوە بە چەشنی دیوانێکی ڕەزاسووك دەچێتە کتێبخانەی کوردییەوە ، لە لایەکی ترەوە دیوانی هیچ شاعیرێکی کورد هەموو شیعرەکانی نەگرتووەتە خۆ ، شاعیرێکی گەورەی وەك (گۆران) هەموو شیعرەکانی لە دیوانەکەیدا تۆمار نەکراون .

وتەی دوایی :

لە کۆتایی ئەم پێشەکییەدا بە پێویستی دەزانم سوپاسی ئەو کەسانە بکەم کە لە ئامادەکردن و چاپکردنی ئەم دیوانەدا هاوکارم بوون بە تایبەتی مامۆستا ئاراس عەبدولقادر مەعروف بەرزنجی کە تایپی سەرجەم دیوانەکەی بۆ کردم. مامۆستایان دکتۆر کەمال فوئاد وعومەری سەید عەلی و مستەفاسالح کەریم و دکتۆر یاسین سەردەشتی و کاوس یوسف و دکتۆر کوردستان موکریانی ونەجمەدین مەستەفا بەرزنجی و سۆزان مامە و خوالێخۆشبوو حەمە سالح گەلاڵی و بەرزانی مەلا تەها و ئەحمەد حسین ئەحمەد و دانا فایەق وعەبدوڵڵا حەسەن قادر کە هەریەکەیان بە جۆرێك هاوکارم بوون و سوودیان بە دیوانەکە گەیاند.

پەراوێز و سەرچاوەکان :

(١) المقابلة : الزعيم المنسي – الشيخ محمود الكردي ، جريدة حبز بوز ، العدد ٢٣١ ، السنة الخامسة ، بغداد ، الثلاثاء ، ٢٤ تشرين الثاني ١٩٣٦ .

(٢) **دکتۆر مارف خەزنەدار ، مێژووی ئەدەبی کوردی ، بەرگی شەشەم ، هەولێر ، ٢٠٠٦ ، ل ١٧٤ .**

(٣) **عومەر مەعروف بەرزنجی ، مەحموود خانی دزڵی – شۆڕشگێڕی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ، چاپی دووەم ، سلێمانی ٢٠٠٠ ، ل ١٠٦ .**

(٤) **دکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد ، تێگەیشتنی ڕاستی و شوێنی لە ڕۆژنامەنووسی کوردیدا ، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد ، بەغداد ، ١٩٧٨ ، ل ٨٤ .**

(٥) **سەرچاوەی سێیەم ، ل ١٠٧ .**

(٦) **سەرچاوەی دووەم ، ل ١٧٥ .**

(٧) **هەمان سەرچاوەی دووەم ، هەمان لاپەڕە .**

(٨) **هەمان سەرچاوەی دووەم ، هەمان لاپەڕە .**

شیعرەکان

شەڕی سورداش [١]

دڵ لە بەندی سینەدا دووبارە واوەیلا ئەکا
(نوربەخشی)[٢] ناسرەوێ مەیلی شەڕو غەوغا ئەکا
ئینتیقامی قەومی لێقەوماو بە حەق داوا ئەکا
ڕۆژو شەو فیکرم لە دنیادا عیلم بەرپا ئەکا
تیغی شیرم ئارەزووی سەیدی شکاری شا ئەکا
سەیری دوژمن کەن بە فیکری خامەوە بۆتە تەرەف
بۆ شکاری شێری شەرزە پیرە ڕێوی هاتە سەف
نیشتمانی پاکی بێکەس دیوە بۆیە کەوتە گەف
وام لە مەیدانی شەجاعەتدا موباریز کوا ئەسەف
سەفدەری ڕۆژی وەغای (تابین) ە داوا ئەکا [٣]
دەست بە دەست یەکتر بدەن ئەی لاوەکانی مەردو قۆز
تاکو کەی دوژمن لە ناومانا ئەبێتە گورگی هۆز
بێن ببینە پشتیوانی یەکتر و بیکەینە تۆز
دەست بە داوێنی خوداوە بگرین و بگرین بە سۆز
تاکو دوژمنمان لە جەناتولئیرەم بەرپائەکا [٤]
نامەوێ ژینی ئەسارەت بەسمە عومری گومڕەهی
نایکەمە سەرخۆم بە دەستی موددەعی تاجی شەهی
قەد بە ئەمری دوژمنانم نامەوێ فەرمانڕەهی
نامەوێ تەختی کەی[٥] و بەختی جەم[٦] و شاهەنشەهی
تیشنەی خوێنی عەدوم و بۆ حوقووقی وا ئەکا

تا بە ئـــازادی ئەگەم کوێری ئەکەم چاوی رەقیب
شاسواری قەومی مادم [٧] میللەتێکی زۆر نـەجیب
(أطلب النجـــاح و التوفیق من رب مجیب)
ئـایەتـی (نصر من الله) یە ... تا(فتح قریب) [٨]
دەنگـــی تـەکبیری سبەینـانم بـە ئیلەڵلاّ ئـەکا

پەراوێزەکان :

(١) ئـــەم شـــیعرە ســـاڵی ١٩١٩ وتـــراوە و دەگەڕێتـــەوە بـــۆ پـــێش شـــەڕی دەربەنـــدی بازیـــان و بەشـــەڕی (ســـورداش) ناســـراوە . (ســـورداش) یـــش نـــاوی ئـــاوایی و ناوچـــەیەکی فراوانـــی ســـەر بـــە پارێزگـــای ســـلێمانییە و مەرکـــەزی ناوچـــەکەیە و دەکەوێتـــە ســـەر ڕێگـــەی ســـلێمانی و دوکـــان ، حەمـــدی – ئەحمـــەد بـــەگی ســـاحێبقران – لـــە شـــیعرە بـــە ناوبانگەکەیـــدا ســـەبارەت بـــە شەڕی (ئاوباریك) ناوی ئەم شەڕە دەبات و دەڵێ :

بۆچی باسی حەربی سورداش و کەناروت بۆ بکەم
بەم قسانە بۆت تەواوکەم قافیەی نەظم و غەزەل

دیـــوانی حەمـــدی ، چـــاپخانەی ئەســـعەد ، بەغـــداد ، ١٩٥٧ ، ل ١٠٢

هـــەروەها خوالێخۆشـــبوو (شـــێخ محێـــدینی خـــەتیب) ی مزگـــەوتی گـــەورەی ســـلێمانی باســـی ئـــەم شـــەڕەی کـــردووە و دەڵێ :

گەر سکەندەر حەربی ئاوباریك و سورداشی ئەدی
خۆی و ئۆردووی وا لە ترسا یەك کەرەت ئەتوانەوە
شێخ مەحمود لە شیعری کوردیدا ، لەتیف بەرزنجی ، ١٩٩٠ ، ل ٥٣

(٢) نوربەخشی نازناوی شیعری شێخی نەمرە و ئەم ناوەیش دەگەڕێتەوە بۆ شێخ محەمەدی نوربەخشی بەرزنجە ، باباعەلی هەمەدانی سیٚ کوڕی هەبووە ، شێخ عیسا و شێخ مووسا و شێخ محەمەدی نوربەخشی .

(٣) وەغا : شەڕ

تابین : شوێنێکە لەسەر ڕێگای سلێمانی و دوکان ، سەر بە ناوچەی سورداشە .

(٤) جەناتولئیرەم : بەهەشت یان باخی شەداد ، لە ئەفسانەی سامییەکاندا هاتووە گوایە – شەدادی کوڕی عاد – باخێکی ڕازاوەی لە عەدەن دروستکردووە لە هاوشێوەی بەهەشت ، ئەو باخە پانی و درێژییەکەی دوازدە فرسەخ بووە ، بەڵام لە بەدبەختی شەداد پێش ئەوەی پیٚ بنێتە ناوییەوە گیانی سپاردووە ، نالی لە شیعرێکیدا وتویەتی :

لە بوستانی ئیرەم دا قەت نییە وەك شەمامەی وەك شەمامەی وەك شەمامەی .

(٥) تـــەختی کـــەی : مانـــای تـــەختی دەســـەلأتی گـــەورەترین پادشـــا و دامەزرێنـــەری بنەماڵـــەی کـــەیانی – کـــەیقوباد – ە و کـــە لـــە مێـــژووی ئەفـــسانەی ئێرانـــدا نـــاوی هـــاتووە ، (کـــەی) لـــە بنەڕەتـــدا بـــە زمـــانی پەهلـــەوی مانـــای ئـــازیزو خۆشەویـــست دەگەیـــەنیٚ ، بۆیـــە هەنـــدیٚ جـــار وشـــەی (کـــــەی) دەبێتـــــە پێـــشگری نـــاوی چـــەندین پادشـــاو کەســـــایەتییە ناودارەکـــــانی ئێـــــران وەك (کەیخوســـــرەو ، کەیکاوس) .

(٦) بـــەختی جـــەم : جـــەم یەکێکـــە لـــە مـــەزنترین پادشـــاکانی پێـــشدادی کـــە لـــە داســـتانە میللییـــە کۆنـــەکانی ئێرانـــدا نـــاو دەبرێـــت ، بـــە داهێنـــەری ئـــامرازو ئامێرەکـــانی جـــەنگ و دروســـــتکەری شـــــاری (ئەســـــتەخر) و دانـــــەری جـــــەژنی نـــەورۆز دادەنرێـــت ، دەوترێـــت کـــە شـــەراب بـــۆ یەکـــەمجار لـــە دەورانـــی ئـــەودا دروســـتکراوە ، بـــە پێـــی هەنـــدیٚ ئەفـــسانە مـــاوەی ٦٥٠ ســـالٚ حـــوکمی کـــردووە وگوایـــە لـــە ٣٠٠ ســـالی حوکمیـــدا نەخۆشـــی نـــەبووە ، دواتـــر لـــە خـــۆی گـــۆڕاوە و دەســـتی داوەتـــە ســـتەم و زۆرداری و خـــەڵکی بەرابـــەری زوحـــاك لێـــی ڕاپـــەڕیون و لـــە ئێرانیـــان وەدەرنـــاوە ، بـــەپێی ئەفـــسانەکان کاتێـــك ئـــەم پادشـــایە بـــە جیهانـــدا گـــەڕاوە ، چـــووەتە ناوچـــەی ئازەربایجـــان و لـــەویٚ بەشـــەو تـــەختێکی بـــە مـــرواری و زێـــڕو زیـــو بـــۆ دروســـتکراوە و

كـاتى خۆركـەوتنى بـەيانى تيـشكى هـەتاو لـەو تەختـەى داوەو درەوشـانەوەيەكى گـەورەى لێپەيـدا بـووە ، لێرەشـەوە نـاوى جـەم بـووە بـە جەمـشيد واتـا پادشـاى درەوشـاوە ، چـونكە بـە زمـانى پەهلـەوى (جـەم) واتـا پادشـاو (شـيد) يـش واتـا درەوشـاوە ، بـەمجۆرە بـەختى جەم ئەو تەختى جەمشيدەيە .

(٧) مـاد قـەومێكى ئاريـايى نـەژادن و دانيـشتوى سـەر زەمينێكـى فـراوان بـوون لـە بـاكوورو بـاكوورى ڕۆژئـاواى ئێرانـى ئێـستا ، ئـەوان لـە ٧٠٠ ى پ . ز دا دەوڵـەتى خۆيـان دامەزرانـدو پاشـتر هـەر لـە سـەردەمى ئەمانـدا ئيمپراتۆرييـەتى ئاشـوورى ڕووخـا ، بـەوەيش دەوڵـەتى مـاد بـووە ئيمپراتۆرييـەتێكى مـەزن كـە سـەنتەرەكەى چـياكانى زاگـرۆس و كوردسـتانى كـۆن بـوو ، هـەر لـە شـامەوە تـا هەمـەدانى لـە خـۆ گرتبـوو . ئاريـايى بـە مانـاى نـەجيبزادە دێـت ، مادەكـانيش دەركـەوتوترينى ئـەو ڕەگـەزە بـوون ، ئەوانـە كۆمـەڵێكى سـپى پێـست ، مـوو پـڕ ، بـالاّ ڕێـك ، چـاو تيـژ و سـينە پـان و نـاو قـەد باريـك بـوون ، جـەنگاوەرەكانيان لـە شـەڕدا ئـازاو بـوێرو سـەر سـەخت و لێهـاتوو بـوون و دوژمنانيـان بـە دڵ لێيـان

دەترسان ، دەوڵەتی ماد لە ساڵی ٥٥٣ ی پ . ز دا کۆتایی هات .

(٨) ئایەتی (وأخری تحبونها نصر من الله وفتح قریب و بشر المؤمنین) لە سوورەتی (الصف) دا یەو ژمارەی ئایەتەکەیش (١٣) یە ، لەم ئایەتەدا یەزدانی مەزن ڕووی دەمی لە بڕوادارانەو پێیان ڕادەگەیەنێ کە هەر نیعمەتێك داوای بکەن خودا بە زیادەوە پێیان دەبەخشێ ، واتا یارمەتیدانێکە لە لایەن خوداوە و سەرکەوتنیش نزیکە .

مودەتێ

مودەتێ عومرم بە تالاًن چوو لە سووچ و قوژبنا
پێمەلەم زۆر کرد لەبەر ئیمان لە بەحری بێ بنا
شاهبازێ بووم لە مەیدانی شکـــــاری دوژمنا
جەهلی میللەت بوو بە زیللەت هات بە سەرشانی منا
سەیری جێگە زەخمی پەنجەم کەن بە دایم شاهیدە
دوو دڵی لێم بۆتە زنجیر حـــەوسەڵەی داوم نییە
بۆ نەمـــانی ئەجنەبی ژینم لەبەر چـــــاوم نییە
بۆیە ئیتر ئـــارەزووی دیداری قــــــالاوم نییە
گورگی پیر کەڵبە شکاوم تـــــــاقەتی ڕاوم نییە
دڵ بەم ئەحواڵەش لە ڕێگەی میللەتمدا قـاسیدە
ئێوە ناودارانی کوردن حەیفــە دواکەوتن لە گــەل
دەست بە دەست یەکتر بدەن بۆ گرتنی لوتکەی ئەمەل
عەزم و وریایی و سەباتە بۆ بە دەستهێنـانی هەل
دوژمن و بێگانە حەققی میللەتی پێ نـابێ حەل
خوێنی ئەوتانە لە لای خوا عەینی زوهدی زاهیدە

شکار

کــاتی شکـاره دڵ به موحیبەت کە برسییە
من بـــــازم و شکـاری وەتەن بێ ڕییا ئەکەم
پارێز ئەکەم بە هیمەتی حەیدەر حقوقی کورد
یا ڕۆحی خۆم و ئـــــاڵی پەیەمبەر فیدا ئەکەم
گەر مانیعی حەققی میللەتی کورد بن عەرەب
بێشك نوێژەکانم بە کــــــوردی قــەزا ئەکـەم
حاجی تەواف ئەکەم گــەر تالعیش مەدەد بدا
ئەم قەلبی قەلبمە بە صەفاو مەروا ساف ئەکەم
نەقشی [۱] و سوورەوەردی [۲] و چەشتی [۳] و قادری [٤]
ئەمریان بە (فەرزی عەین) [٥] ئەزانم وەك یەك ئەدا ئەکەم [٦]
مەلا عەزیزی موفتی [٧] و باباعەلی [٨] بم لەوەرعدا
بۆ ئەو غــــەزالە دڵفرێنە لەسەر سەر هەرا ئەکەم
فــەرقــی بەینی قــــــادری‌و نــەقشی هێندەیە
سۆفی لە ورگی ئەدا منیش زەرگی پیـــا ئەکەم[٩]

١٩١٩

(١) نەقشی : تەریقەتی نەقشبەندی یەکێکە لە ڕێبازە ناسراوەکانی جیهانی ئیسلامی ، لەلایەن شێخ محەمەدی شاهی نەقشبەندییەوە دامەزراوە ، ئەم زاتە لە ساڵی ٧١٧ ی کۆچی لە دایکبووە ، بەر لەمیش (عەبدولخالیقی غەجدەوانی) گەلێ ڕێوشوێنی داناوە ، بەلاّم شاهی نەقشبەندی کاری لە ڕێبازەکەدا کردووە و پەرەی پێداوە و بووە بە تەریقەتێکی خاوەن ڕەنگ و سیمای تایبەتی ، شاهی نەقشبەندی لە ساڵی ٨٦٥ ی کۆچی ماڵئاوایی لە ژیان کردووە .

(٢) سوورەوەردی : ڕێبازێکی سۆفیگەرییە ، لەلایەن شێخ عومەری برازای شێخ عەبدولقەهاری سوورەوەردییەوە دامەزراوە کە خەڵکی گوندی (سوهرەوەرد) ە لە ڕۆژهەلاّتی کوردستان و نزیك شاری – زنجان – ە ، لە شاری بەغداد کۆچی دوایی کردووە و مەزارەکەی لەو شارەدا ناسراوە ، لە کتێبەکانی (عوارف المعارف) و (رشق الفصائح) ە ، لەسەر دەستی عەلی یەحیای کوڕی حەبەش کە ناسراوە بە شێخ شەهابەددینی سوهرەوەردی خوێندویەتی ، چەند ساڵێك موریدی شێخ مەمشادی دینەوەری و شێخ ئەحمەدی کوڕی ئەسوەدی دینەوەری بووە کە کورد بوون .

(٣) چەشتی : ڕێبازێکی سۆفیگەرییە لەلایەن (خواجە ئەبو ئەحمەد ئەبدال) ە وە دامەزراوە ، لەسەر دەستی هەردوو خەلیفەکەی (خواجە موعین ئەلدین) و (خواجە نەجیب ئەلدین) ە

وە پەرەی پێدراوە کە خەڵکی گوندی (چەشتی) بوون لە نزیك شاری (هەرات) ی ئەفغانستان .

(٤) قادری : دامەزرێنەری ئەم تەریقەتە (شێخ عەبدولقادری کوڕی موسای گەیلانییە) کە لە ساڵی ٤٧٠ ی ك – ١١٦٥ ی زایینی لە بەغدا کۆچی دوایی کردووە و هەر لەوێ نێژراوە . لە سەردەمی شێخی گەیلانیدا بە هەزاران موسوڵمان لەسەر دەستی ئەودا تۆبەیان کردووە ، دوای خۆی گەلێ موریدو خەلیفەی جێهێشتووە و کوڕەکانیشی ڕۆڵی گەورەیان هەبووە لە بڵاوکردنەوەی ئەم تەریقەتەدا .

(٥) فەرزی عەین : لە زانستی فیقهی ئیسلامی و ئوسوڵی فیقهدا دوو جۆر زاراوە بەکاردێن کە بریتین لە (فرض العين – فرض الكفاية) فەرزی عەین ئەو کارەیە کە پەروەردگار لەسەر ئەو کەسانەی فەرز کردووە کە ژیرو پێگەیشتوون و نابێ کەسێکی تر بۆیان ئەنجام بدا وەك (نوێژ و زەکات) . بەڵام فەرزی کیفایە بریتییە لەو کارەی کە پەروەردگار فەرزی کردووە لەسەر کۆی ژیرو پێگەیشتووەکان ، کە ئەگەر کۆمەڵێك بەو کارە هەستن لە کۆڵ ئەوانی تر دەکەوێت وەك (نوێژی مردوو ، وەڵام دانەوەی سەلام) بۆ ئەم مەبەستە بڕوانە : عبدالوهاب خلاف ، علم أصول الفقه ، الطبعة الثالثة ، القاهرة ، ١٩٤٧ ، ص ١١٧ .

(١) نەقشی : تەریقەتی نەقشبەندی یەكێكە لە ڕێبازە ناسراوەكانی جیهانی ئیسلامی ، لەلایەن شێخ محەمەدی شاهی نەقشبەندییەوە دامەزراوە ، ئەم زاتە لە ساڵی ٧١٧ ی كۆچی لە دایكبووە ، بەر لەمیش (عەبدولخالیقی غەجدەوانی) گەلێ ڕێوشوێنی داناوە ، بەلاّم شاهی نەقشبەندی كاری لە ڕێبازەكەدا كردووە و پەرەی پێداوە و بووە بە تەریقەتێكی خاوەن ڕەنگ و سیمای تایبەتی ، شاهی نەقشبەندی لە ساڵی ٨٦٥ ی كۆچی ماڵئاوایی لە ژیان كردووە .

(٢) سوورەوەردی : ڕێبازێكی سۆفیگەرییە ، لەلایەن شێخ عومەری برازای شێخ عەبدولقەهاری سوورەوەردییەوە دامەزراوە كە خەڵكی گوندی (سوهرەوەرد) ە لە ڕۆژهەلاّتی كوردستان و نزیك شاری – زنجان – ە ، لە شاری بەغداد كۆچی دوایی كردووە و مەزارەكەی لەو شارەدا ناسراوە ، لە كتێبەكانی (عوارف المعارف) و (رشق الفصائح) ە ، لەسەر دەستی عەلی یەحیای كوڕی حەبەشْ كە ناسراوە بە شێخ شەهابەددینی سوهرەوەردی خوێندویەتی ، چەند ساڵێك موریدی شێخ مەمشادی دینەوەری و شێخ ئەحمەدی كوڕی ئەسوەدی دینەوەری بووە كە كورد بوون .

(٣) چەشتی : ڕێبازێكی سۆفیگەرییە لەلایەن (خواجە ئەبو ئەحمەد ئەبدال) ە وە دامەزراوە ، لەسەر دەستی هەردوو خەلیفەكەی (خواجە موعین ئەلدین) و (خواجە نەجیب ئەلدین) ە

وه پەرەی پێدراوه کە خەڵکی گوندی (چەشتی) بوون لە نزیك شاری (هەرات) ی ئەفغانستان .

(٤) قادری : دامەزرێنەری ئەم تەریقەتە (شێخ عەبدولقادری کوڕی موسای گەیلانییە) کە لە ساڵی ٤٧٠ ی ك – ١١٦٥ ی زایینی لە بەغدا کۆچی دوایی کردووه و هەر لەوێ نێژراوه . لە سەردەمی شێخی گەیلانیدا بە هەزاران موسوڵمان لەسەر دەستی ئەودا تۆبەیان کردووه ، دوای خۆی گەلێ موریدو خەلیفەی جێهێشتووه و کوڕەکانیشی ڕۆڵی گەورەیان هەبووه لە بڵاوکردنەوەی ئەم تەریقەتەدا .

(٥) فەرزی عەین : لە زانستی فیقهی ئیسلامی و ئوسوڵی فیقهدا دوو جۆر زاراوه بەکاردێن کە بریتین لە (فرض العين – فرض الكفاية) فەرزی عەین ئەو کارەیە کە پەروەردگار لەسەر ئەو کەسانەی فەرز کردووه کە ژیرو پێگەیشتوون و نابێ کەسێکی تر بۆیان ئەنجام بدا وەك (نوێژ و زەکات) . بەڵام فەرزی کیفایە بریتییە لەو کارەی کە پەروەردگار فەرزی کردووه لەسەر کۆی ژیرو پێگەیشتووەکان ، کە ئەگەر کۆمەڵێك بەو کاره هەستن لە کۆڵ ئەوانی تر دەکەوێت وەك (نوێژی مردوو ، وەڵام دانەوەی سەلام) بۆ ئەم مەبەستە بڕوانە : عبدالوهاب خلاف ، علم أصول الفقه ، الطبعة الثالثة ، القاهرة ، ١٩٤٧ ، ص ١١٧ .

(٦) بۆ هەمان مەبەست خوالێخۆشبوو (شێخ بابە ڕەسوڵی کوڕی شێخ ئەحمەدی کوڕی شێخ عەبدولسەمەدی بێدەنی ، ١٣٠٣ – ١٣٦٣) کە لە سەیدەکانی بەرزنجەیە لە شیعرێکدا وتویەتی :

سیلسیلەی کاکۆڵی ئاڵۆزاوی مەحبووبەی وەتەن

وا بزانە زوو بە زوو وا عاشقیٚ زنجیر ئەکا

خزمەتی خاکی وەتەن فەرزێکی عەینە بۆ هەموو

داخڵی ئەم حوکمەیە کیٚ فەرقی جوان و پیر ئەکا

بڕوانە : مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس ، بادی مەردان ، بەرگی دووەم ، ١٩٨٤ ، ل ٥٩٤

(٧) مەلا عەزیزی موفتی کوڕی حاجی مەلا محەمەد ئەمین ی کوڕی حاجی مەلا ئەحمەدی موفتییە و ناسراوە بە (چاومار) ، ساڵی ١٢٨٨ ی کۆچی لە شاری سلێمانی لە دایکبووە ، بڕوانامەی زانستی لە (عەبدولقادری مودەریس) وەرگرتووە ، لە ڕۆژی٣ ی مانگی (شەوال) ی ساڵی ١٣٦٦ ماڵئاوایی کردووە و لە گردی سەیوان بە خاك سپێردراوە ، خوالێخۆشبوو خوێندەوارێکی بە دیمەن و زانایەکی ناسراوی ڕۆژگاری خۆی بوو .

(٨) شێخ بابا عەلی کوڕی شێخ عەبدوڵلاّی کوڕی شێخ عەلی مەلایە ، ساڵی ١٢٧٥ ی کۆچی لە ئاوایی تەکیە لە دایکبووە ، ساڵی ١٣٥٩ ی کۆچی ماڵئاوایی کردووە و لە گردی سەیوان و نزیك ئارامگای شێخ مەعروفی نۆدیٚ بە خاك سپێردراوە .

(٩) ئەم شیعرە بۆ مستەفا پاشای یامولکی نوسراوە.

تاقی کیسرا

چی بەسەر هات تاقی کیسرا [١] هەیبەتی سوڵتان ڕەشاد [٢]
حوکمی هارونە ڕەشید [٣] و تەخت و بەختی کـــەیقوباد [٤]
چەند هەزار ئینسانی ناسك جوملە بوونە خــاك و خۆڵ
کـــورەیی ئەرزە ســـەراسەر پڕ لـــە ئێسقـانی عیبـاد
نەسرەت و مـــالی جیهانیش بێ بەقـــایە ئـەی ڕەفیـق
عاقیبەت دنیا نەمـــانە قەد نەکـــەی فیتنەو فەســاد
فرسەتــە عومــری عـــەزیزت بێ ســـەعی زایع مـەکـە
تەرکی ئەربـــابی سەفاکــەو ڕێی فەلاکـەت مەگرە یاد [٥]

پەراوێزەکان :

(١) کیسرا یا خەسرەو ئەنەوشیروان : یەکێك بوو لە ناودارترین پادشاکانی بنەماڵەی ساسانی کە لە نێوان سالآنی ٥٣١- ٥٧٩ حوکمی ئێرانی کردووە ، ئەم پاشایە لەسەرچاوە عەرەبییەکاندا بە نەوشیروانی دادپەروەر دەناسرێت و ئەو قۆناغەی فەرمانڕەوایی کردووە بە قۆناغێکی گرنگ و پڕ بایەخ لە ئێراندا دادەنرێت ، نەوشیروان جگە لەوەی کە لە سەرەتای هاتنە سەر کارییەوە مەزدەك و لایەنگرانی تەفروتونا کرد ، برەوی بە ئایینی زەردەشتی دایەوە ، چەندین کاری گرنگی چاکسازی لە بواری ئابووری و سەربازی و بەڕێوەبەرایەتی ئەنجام دا و دەوڵەتی گەیاندە ئاستێکی بەهێز ، لەگەڵ بێزەنتییەکانیشدا چووە شەڕەوە و ناوچەی ئەنتاکیاو لاذقییە ی لێسەندن و ساڵی ٥٥٥ پەیمانێکی ئاشتی لەگەڵیاندا بەست ، لەساڵی ٥٧٠ دا یەمەنی داگیر کرد (واتا ئەو ساڵەی کە پەیامبەری ئایینی پیرۆزی ئیسلامی محەمەد د .خ تێیدا لە دایکبووە) .

(٢) سوڵتان ڕەشاد : مەبەست لە محەمەدی پێنجەمەو یەکێك بووە لە سوڵتانەکانی دوا ڕۆژی حوکمی عوسمانی و لە ماوەی سالآنی ١٩٠٩ تا ١٩١٨ حوکمی کردووە .

(٣) هارون ئەلڕەشید : ١٧٠ – ١٩٣ کۆچی (٧٨٦- ٨٠٨ ز) .

پێنجەمین خەلیفەی دەوڵەتی عەباسییە و ماوەی حوکمکردنی بە قۆناغێکی گرنگی مێژووی دەوڵەتی خەلافەت دەژمێررێت ، بایەخێکی زۆری بە ڕێکخستنی دەوڵەت و قایمکردنی سنوورەکان داوە ، هەوڵیداوە کاروباری خەڵکی ڕێکبخات و دەسەلآتی دەوڵەت بەسەر هەرێمەکاندا توندو تۆڵ بکات . قۆناغی حوکمی هارون ئەلڕەشید لە ڕووی

خۆشگوزەرانی و برەو پێدانی ئەدەب و مۆسیقا و گۆرانی بە قۆناغی زێڕینی دەوڵەتی خەلافەت دەژمێررێت .

(٤) قوباد : عەرەبی کراوی (کوباد) ە کە دامەزرێنەری بنەماڵەی کەیانییە لە ئێراندا . هەروەها دوو پادشای بنەماڵەی ساسانییەکان ئەم ناوەیان هەڵگرتووە ، کە یەکەمیان باوکی (کیسری ئەنەوشیروان) ە و لەسەردەمی ئەودا ئایینی (مەزدەکی) لە ئیراندا بڵاوبووەوە .

(٥) ئەم شیعرە بە هەڵە لە چاپی دووەم و سێیەمی دیوانی (بێکەس) دا بڵاوکراوەتەوە و بەبێ ورد بوونەوە بە بەرهەمی ناوبراو دانراوە ، جگە لەمەیش بە دروستی بڵاونەکراوەتەوە و ڕستێك هەڵەی زەقی تێکەوتووە .

گریان و خۆشی

زەمزەمەیە گـریانە لە نێو مەجلیسی عەشقا
ســـاقی خەبەری داوە کە یار نـــایەتە یاری
قەد نایە ئەو دولبەرە بە فەریـــادی من و تۆ
سەد بارە کەبابی دڵـەکەم بیکـــەمە دیـــاری
دوو جێگەیی خوێنینە بەسەر سەفحەیی ڕووما
گوڵ گوڵ بووە دامێن و کەنارم وەرە دیـــاری
ئەو خـــاڵە زوخاڵێکە لـــە نێو بۆتـــەیی دڵما
ڕۆحم ئەکوڵێنیٚ بە نەفەس کوورەیی نـــاری
ئەی مورغی ستەمدیدە ئەسیری لە قـــەفەسدا
بۆ خۆت و وەتەن بگری کە سەمخوردەیی ماری
دەست ناکەویٚ تریـــاکی من و تۆ لـــە عیراقا
باشە کوە بەرین بە لیقـــای حـــەزرەتی بـــاری
قوڕ بپێوە دادڕە یەخەت بۆ خۆت بە کەساسی
ئەی کوردی هەژار ئێستەکە بیٚ یارو دیـــاری

١٩٣٠

فەرهادی کورد

فەرهادی قەومی کوردم و فـەریادی کورد ئەکـــەم
دوژمن بە کوتەکی کاوە وەکوو شووشە ورد ئەکەم
بۆ بێستـوونی مـانیعی ئـامـالـی کـوردەکـان
وەك کۆهکـەن بەعەزمی مـــەتین دەستوبرد ئەکەم [1]
یا کـــەشتی کـورد ئەبەمە سـاحیلی نـەجـات
یـا ڕۆحی خۆم و ئـــالی پەیەمبــەر بە پرد ئەکەم
مەحموودی فیکرەتم ئەخەمە دووی ئـەیازی کورد
یا کەسبی وەسڵی میللییەت و نەیلی کورد ئەکەم
من کـــوردم و بەکـــوردی ئـــەڵێـم و بـرایەوە
زیللەت نەمـا ســەعادەتی کـوردان گـــەڕایەوە

(١) کۆهکەن : شاخ هەڵکەن ، کە ئەمە لەقەبی فەرهادی عاشقی شیرینە .

پێنج خشتەکی شێخ سەلام (١)

لەسەر شیعرێکی شێخ مەحموود

شێت نەبووم بۆچ ئارەزووی سەیری جەبەل لوبنان ئەکەم
دایما ســـــەیرو سەفای باخـــاتی هـــــەورامان ئەکەم
کوردم و هــەر حـەز بە ئیستیقــلالی کـــــوردستان ئەکەم
وەحشـــــەت و نەفرەت لە چارەی عـــارەبی پێپان ئەکەم
من تەمەننـــــــــای سەربەخۆیی میللەتی خۆمان ئەکەم

قـــەت بە ویسکی و بیرەیی ناگـۆڕمەوانـــێ شیر و دۆ
بەرخ و کارژۆڵـــەم هەیە ، چیمە لە توولە و کـــەلبی تۆ
زەحمەتـــە یەك نـــاکـــــەوین واز بێنە لێـــم توخوا بڕۆ
تۆ بـــە بێ دەرپـــێ ئەژیـــت و فیتە فیتی قنگتـــە تۆ
من لەسەر دەرپێشەوە یـــا بەدەمەو قۆپـــان ئەکەم

نامەوێ داری موغەیلان ، پڕ لە چقڵ و دڕك و خـــار
چەشنی تووبای جەننەتە ، سەروچنـــاری کـــۆهسار
لۆرك و مـــاســـت و فرۆ و ڕۆن و پـــەنیرم بێ ژمـــار
شیری وشتر بۆ ئەخۆم ، چیمە لە گۆشتی سووسەمار
شیری مەڕ بێ خـــواردنم ، دابەستە بۆ زستان ئەکەم

وا مەزانـــە عـــاجزم ، عەزمێکی مـــەردانـــەم هەیە
من رەوشـتی بـــاش و کردارێکی پیـــــاوانەم هەیە
موستەریحم ، خـــاترێکی شۆخ و شــــاهانەم هەیە
ڕانکوچۆغـــەی لای ڕەواندوز پەستـــەکی بانەم هەیە
بۆ کلاشی تیرە قــــایم ڕوو لە هـــەورامان ئەکـــەم

ڕوپیە و پـــارەی جیهان بۆ تۆ بێ سەرجەم نامەوێ
خێری دنیام پێ بدەی ، تۆ ببیە حاتەم نــامـــەوێ
نوقلْ و ڕاحەت ، بستە ناخۆم ، زۆرە یا کەم نامەوێ
من ڕوتابم بۆ چییە ، خـورما جەهەننەم نـــامەوێ
مێوژە خۆڵاوو گـەزۆو باسوق لەبـــەر میوان ئەکەم

هەروەکوو مەنصور ئەگەر حاکم بدا ئەستۆم لە دار
چۆن لە حەق من واز ئەهێنم ، یا ئەکەم تەرکی دیار
یابە وا چـاکـە لە داخـانـا بکـــەی تۆ ئینتیـــحار
من لە جێی عاگاڵی ئەسڵت ، یا سدارەی موستەعار
تەبلەیی کورکی لەطیفی کـــەڵهوڕ و ئـــەیوان ئەکەم

من بەدڵ نەفرەت لە ئیشی پووچ و بێ مەعنـــا ئەکەم
شێت نەبووم خۆم بۆ دوچاری شیدەتی گەرما ئەکەم
بەفری کوێستانم هەیە ، بۆیە لە تۆ حاشـــــا ئەکەم
تف لە چۆڵ و بادییە و دەشت و لم و سەحرا ئەکەم
ئارەزوی شاخ و چیـــا و هەردەیی بــەرزان ئەکەم

وەختی ئێمەیش دێ ، ئەم دنیایـــــە ئیشی دەورەیە
چەشنی ئێوە ئیحتیاجمان نەك بە حەرب و سەورەیە
تۆ لە کوردستان ئەگەر حاڵی نەبووی بەم تـــەورەیە
ئەم کــــەژو کێو و چیایە شیرکـــەتێکی گـــەورەیە
سەعلەب و مازوو کەتیرە ، سیچکە وو قەزوان ئەکەم

شاخ و داخــی ئێمە گشـــتی بەرزە ، بەردەزەردەیە
نەك وەکوو سەحرای عەرەب ئاچوغ و وابێ پەردەیە
میللەتیشمـــان جـــەنگی و شەڕار و حەربی کردەیە
نیشتمانی کوردەواری شـــاخ و داخ و هـــــەردەیە
پێپەتی کەر بوی ئەڵێی تەسخیری کوردستان ئەکەم (٢)

پەراوێزەکان :

(١) شێخ سەلام کوڕی شێخ ئەحمەدی کوڕی شێخ عەبدولکەریمی کوڕی شێخ محەمەدە ، لە ساڵی ١٨٩٢ ی زایینی لە ئاوایی (عازەبان) ی سەر بە ناوچەی (وارماوا) لە دایکبووە ، شاعیرێکی دیارو نیشتمانپەروەرێکی سەنگین بووە ، مێژووی ژیانی بریتی بووە لە زنجیرەیەك ڕاونان و ئاوارەیی و کوێرەوەری ، لە شۆڕشەکانی شێخ مەحموودی بەرزنجیدا بەشدارییەکی کارای هەبووە ، بەشێك لە شیعرەکانی لە ساڵی ١٩٥٨ دا و لەسەر ئەرکی خوالێخۆشبوو (ڕەوف مەعروف) ی خاوەن کتێبخانەی گەلاوێژ ی سلیمانییەوە چاپکراوەو (مارف خەزنەدار) پێشەکییەکی بە نرخی بۆ نووسیوە ، شێخ سەلام لەم دیوانەیدا بە درێژی مێژووی ژیانی خۆی نووسیوەتەوە ، چوارینەکانی (خەیام) و (حسێن قودسی نەخەعی) لە فارسییەوە کردووە بە کوردی و چاپکراون ، لە ڕۆژی ١٩٥٩/٣/٣ دا لە ئاوایی (دولاَن) ی کۆچی دوایی کردووە و لە گردی سەیوان بە خاك سپێردراوە .

(٢) ئەم شیعرە تا ئێستا بلاَونەکراوەتەوە ، دەقی تەواوی لە کەشکۆڵێکی کاك نەوشیروان مستەفا دا بلاَوکراوەتەوە کە لە کۆتایی ساڵی ١٩٦٠ دا تەواوی کردووە ، بڕوانە : ل ٧٥ – ٧٨ ، لە لایەکی ترەوە لە کاتێکدا کە ساڵی ١٩٨٥ بەشی یەکەمی (کەشکۆڵی گیو) بلاَوکرایەوە ، لە لاپەڕەکانی (٤٩ – ٥٠)دا شێخ مەحموود وەك شاعیرێك نیشان دراوەو چەند دێرێك لە شیعرەکانی خراونەتە بەرچاو هەر لەو لاپەڕانەدا وتراوە کە (پارچە شیعرێکی شێخ مەحموود شێخ سەلام

کردوویەتی بە پێنج خشتەکی و لەگەڵ بەرهەمی ئەودا بڵاوی دەکەمەوە ، هەروەها صدقی کاکە حەمەی قازی بۆکانی پارچە شیعرێکی نێوبراوی کردووەتە پێنج خشتەکی و لەگەڵ شیعرەکانی صدقی دا دەبێت) . هەر لەو ساڵەدا بۆ ئەم مەبەستە (مامۆستا حەسەن جاف) م ڕاسپارد کە لە لای دکتۆر کوردستان موکریانی هەوڵ بدات تا ئەو دوو شیعرەم دەست بکەوێت پاش ماوەیەکی زۆر مامۆستا حەسەن جاف پێنج خشتەکییەکەی شێخ سەلامی بۆ هێنام و وتی کە دکتۆر کوردستان موکریانی دەڵێ شیعرەکەی ترم بۆ نادۆزرێتەوە دواتر هەردوو دەقەکەم بەراورد کرد و جیاوازییەکی ئەوتۆیان نەبوو ، بۆیە ئەم دەقەی لێرەدا بڵاو دەکرێتەوە لە هەردوو دەقەکەی نەوشیروان مستەفاو نوسخەکەی کوردستان موکریانییەوە ئامادە کراوە .

(چواین) یێکی شێخی نەمرو

پێنج خشتەکییەکی مەلا ئەسعەدی مەحوی [1]

لوتف و کەرەم و قەهری دەم و دەس نەفەسێکە
هەر ساتە بە ڕەنگێك و لەسەر تەبعی کـەسێکە
تەخریبی گوڵی یاســـەمەن و باغی مەحەببەت
کــرداری لەسەر کـــەیف و هەوایی تەرەسێکە

" پێنج خشتەکییەکە "[2]

دنیا بە مەسەل فاحیشە وو خـــەرمە گەسێکە
بێ عەهدو وەفا ، دون ودەنی ، وەك جەرەسێکە
گەه یاری کەرو گـــەه لەملی ئەبلـــە رەسێکە
لوتف و کەرەم و قەهری دەم و دەس نەفەسێکە
هەر ســـاتە بە رەنگێك و لەسەر تەبعی کەسێکە

بـــاوەڕ مەکـــە کە ببێ ســـاغی مەحەببەت
هەروا بە درۆ ئەیخەنە دەرها داخـی مەحەببەت
پیشەی حەسەنە زاڵمەکـــەی زاغی مەحەببەت
تەخریبی گـــوڵی یاسەمەن و باغی مەحەببەت
کـرداری لەســـەر کـــەیف و هەوایی تەرەسێکە

پەراوێزەکان :

(١) مەلا ئەسعەد کوڕی مەلا خالیدی کوڕی مەلا محەمەدی مەحوی شاعیرە ، ساڵی ١٨٩٨ لە سلێمانی لە دایکبووە ، ڕۆژی ٢٥ ی نیسانی ١٩٧٦ کۆچی دوایی کردووە و لە گۆڕستانی سەیوان بە خاك سپێردراوە .

(٢) بەشێك لە دیوانی مەلا ئەسعەدی مەحوی ، بەشی یەکەم ، چاپی ١٩٧٠ ، ل ٩٨ .

بۆ حوزنی [١]

کـــەیلی غەمە دایم دڵـــەکـــەم حوزنی درۆیە
زوو دەرپـــەڕە ئەو داوە لەبـــەر خاتری تۆیە
دارو دەوەن و پووشی ڕەوانـدز بە قەڵەم کەی
خاکی وەتەنـــم شـــــاهیدە ئیخلاسی درۆیە
ئەم نامەیی دڵشـــادە لەســـەر دیدە بە برژانگ
نووسینی بە شارەت بێ، سبەینێی من و تۆیە
با قوڕ بەسەراکات و ڕەقیب داکـــی هەمیشە
بەر بێتە بەری پیسی نـەجیسی بە چـــەقۆیە
[٢] ....
خاکت بەسەر ئەو هێرشە بۆ سەر کنـــی تۆیە
تەك مەگرە بە پەروازی، بە جووتی وەرە لای من
هەر ئانێکی کەڵ و چاوەنواری کـەل و کۆیە[٣]

پەراوێزەکان :

(١) حـوزنی نـاوی حـسێن کـوڕی سـەید عەبدولـەتیفی کـوڕی شـێخ ئیسماعیلی شێخ لەتیفی خەزاییە ، ساڵی ١٨٩٠ لە شاری مەهاباد لە دایکبووە ، ڕۆژی ١٩٤٧/٩/٢٠ لە شاری بەغداد کۆچی دوایی کردووە حـوزنی نووسـەرو مێژوونووسێکی دیـاری کـوردە ، خـاوەنی لیـستێك کتێبـی ئـەدەبی و کۆمەلاّیـەتی و مێژووییـە ، سەرنووسـەر و بەڕێوەبەری گۆڤاری زاری کرمانجی و ڕوناکی و بەڕێوەبەری گۆڤاری دەنگـی گێتـی تـازە بـووە و ماوەیـەکیش لەگـەڵ پیرەمێـردا ڕۆژنامـەی (ژیان) یان بەڕیوەبردووە .

(٢) ئەم دێڕە لە گۆڤاری هەتاودا بلاّونەکراوەتەوە و خاڵی بۆ دانراوە ,

(٣) خوالێخۆشبوو (گیوی موکریانی) سەبارەت بەم شیعرە دەڵێ (شێخ مەحموودی زەعیم ئەم شیعرەی لـە سـاڵی ١٩٤٠ دا لـە بەغدادەوە بۆ سەید حـوزنی بـرام نـاردووە کـە لـە ڕەوانـدوز بـووە ، لـە کاتێکـدا هەسـتی بـەوە کردبـوو کـە ئـامیر رەتـڵ – فایـەق کاکـە ئـەمین – بـە نـاوی مەنیقـەی موحەڕەمەوە دەیویست کاکم بخاتە گێژاوی گێچەڵەوە) بۆ ئەم زانیارییە بڕوانە : گۆڤاری هەتاو ، ژ ٢ ، ٢٠ ی مایسی ١٩٥٤ .

بۆ دۆستێك [1]

عـــەزیزم من نە (جانی) م و نە (زانی)
بــە دەردی دەهـــر گـــــیرۆدەم بـــزانی
لە فەحوایی حــەدیسی (الفتنة) نیم [2]
نەكـــەی هەرگیــــز وەكوو خۆتم بزانی
لە ئـــاوێنە تەماشای خــۆت كە شێخم
هەموو كـــرداری خـــــۆتی تیا ئەزانی
لە دایك و باوكەوە من كاك ئەحمەدیم
لە جوملەی قـــــاتلی جــەددم نەزانی

پەراوێزەكان :

(١) بە تەواوی بۆم ساغ نەبووەوە كە ئەو دۆستەی كێیە .

(٢) ئیشارەتە بۆ فەرمودەی پێغەمبەر (الفتنة نائمة لعن الله من أیقظها)

بۆ عەبدوڵڵا عادیل [١]

عـــــادیل بە عـــەدالەت لە سپی لادە بەشیــــکە
بـــاسوور نەبێ ئەمجارە لە نێو تـــاســـــی رەشێکە
چاو مەستە لە شەو ، هەستە لەسەر کایەن و ئاخوڕ
چاك لێخوڕە ، زوو تێخوڕە خومخـــانەی رەشیکە
بێقووەتی ئێستێکـــە ئـــەزانم وەکوو گـــــای پیر
نـاتوانـــی لەســـەر کلــکی، ئەگەر مەردی کشیکە [٢]

پەراوێزەکان :

(١) شێخ مەحموود ئەم شیعرەی بۆ یەکێك لە دۆستە نزیکەکانی ناردووە لە ڕووی خۆشەویستییەوە بەم جۆرە بەسەری کردووەتەوە ، (سەید عەبدوڵلا ناسراوە بە عەبدوڵلا عادیل و کوڕی شێخ عەبدوڵقادرە فەندی کوڕی شێخ عەبدولسەلامە فەندی قازییە ، ڕێبەری ناحییەی ئەو کاتەی – حەریر و باتاس – بووە ، یەکێك بووە لە ئەفسەرە شۆڕشگێڕەکانی شێخی نەمر و تا ڕێککەوتنەکەی ساڵی ١٩٢٧ لەگەڵیدا بووە ، دواتر لە باشووری عێراق و لە ئاواییە گەورەکانی کوردستان دامەزراوە ، عەبدوڵلا عادیل برای مەلیحە نەرهەت و حەسەن فەللاح و سەعدوڵلا دەربەدەری شاعیرە .

خانەوادەی عەبدوڵلا عادیل لە سلێمانیدا بە خوێندەواری و زانست پەروەری ناسراون ، ئێستەیش مزگەوتی شێخ سەلامی باپیری ئاوەدانە بەڵام بێنازە و فێرگەکەی کوێربووەتەوە . بۆ ئەم زانیارییانە بڕوانە : کەمال ڕەوف محەمەد ، دەستەوارە یە نان بۆ مێژوو ، سلێمانی ٢٠٠٤ ل ٨٠-٨٦ .

(٢) ئەم شیعرە بۆ یەکەمجار لە لایەن گیوموکریانییەوە بڵاوکراوەتەوە ، بڕوانە : کەشکۆڵی گیو ، بەرگی یەکەم ، ئامادەکردنی کوردستان موکریانی ، هەولێر ، ١٩٨٥ ل ٥٠ .

چوارین و کورتە شیعر

یەکەم

دیسان بەهارە ، ئۆردوی جەننەت گەڕایەوە (١)
دەستی جەفــــای فەلاکەتی زستان کشایەوە
شەونم لەسەر ڕوویی شەهلا و ڕوویی گولچ (٢)
بولبول بەگریە ، خونچە بە خەندە گەشایەوە

١٩٢٥

(١) ئۆردوو : وشەیەکی تورکی مەغۆلییە و بە مانای لەشکر دێت ، بەڵام لەم شیعرەدا مەبەست زۆری گوڵ و جوانی سەوزە گیای بەهارە .

(٢) شەهلا : ژنی چاو ڕەشی مەیلە و شین ، جوان .

دووەم

ڕۆژی دەعــوا تیغی ئەبرۆی عالەمێکــی ســەربڕی
من لەبەر بەختی بەدم بۆ ڕەنجــــی دنیـــا مامەوە
هەر کەسی مەحموود حەبس کا ئاخری هەر بەر ئەبێ
من لە ناو زیندانی عەشقا شێت و شەیدا مـــامەوە

سێیەم

گریـــانە دیدەکــــەم و بریــــانە سینەکەم
بۆ کویٚ چوو قیبلەکـەم و کـــــوانی دیدەکەم
لۆمەم ئەکەن رەفیق و برا ، قوڕ بەسەر دیدەکەم
تا مردنم بە عەهدی خــــودا بۆ تۆ شین ئەکەم

١٩٥٥

چوارەم

غوبـــارو تۆزی میحنەتـــی دنیای هەلاکەتم
کەوتووەتە سەر دوو دیدەو شەئنی نەدامەتم
پەنجەی ئەجەل بە یەخـەمەوە بەند بووە ئەڵیٚ
هەستە دوعا بخوازە بڵیٚ روو لە قیــــامەتم

پێنجەم

شێواوە جیهان خـــەڵکی گـرفتاری بەڵایــە
هێند سپڵە بووە سەیری برا گورگـی برایــە
ئەشراری میللەل ئـــەمڕۆ لە نــــاومانــــا ...
هەر بەد گوهەرن ، دەستە بە دەستە و زرایە
پێخــــاوسی لارانن ئەمڕۆکـــە و کـــلایــــە

١٩٥٢

شەشەم

ئەمن ئێستا لەگــەڵ حـــۆران لە سوکــانی سەماواتم
جەحیمە دڵ لە دووری ئاسکەکەی کانی ئاسکان ماتم
بە قەولی ئەو سەگی گوربە سیفەت ئەسڵەن مەکە باوەر
بڵێ مەحـــموود نەمــاوە ، وا بزانــــــە دائیمـەن لاتم [١]

(١) ئـــــەم چـــوارینەی شـــێخی نــــەمر لەگـــەڵ نامەیـــەکی تایبەتیـــدا نێـــردراوە بـــۆ خوالێخۆشـــبوو ســـەید برایمـــی حەفیـــد و نامـــەو شـــیعرەکەیش بـــە دەســـتخەتی شـــێخ مـــەحموود مـــاوەو لەبەردەســــتدایەو نموونەکەیـــشی لـــە کۆتایی ئەم کتێبەدا بڵاوکراوەتەوە .

بۆ خەسرەو خانی دەرەویانە [1]

لوتفی شیرینی نەبوو خەسرەو لەگەڵ فەرهادی کورد
بۆیە کــەوتە دامــی شێرو تـــامی شیرینی نــەکرد

(١) ئـــەم شـــیعرە یەکێکـــە لـــە بەیتـــە باڵاکـــانی شـــێخ و لـــە ڕاســـتیدا دوو مانـــای هەیـــە ، یـــەکێکیان دوور ، ئـــەوی تریـــان نزیـــك ، دوورەکـــە پەنجـــە ڕاکێـــشانە بـــۆ داســـتانی بـــەناوبانگی (شـــیرین و خوســـرەو) ی (خانـــای قوبـــادی) . خـــانی دەڵـــێ : خەســـرەو حـــەزی لـــە شـــیرین بـــوو ، بـــەڵام بـــەو هۆیـــەی کـــە بـــاوکی ژنەکـــەی پاشـــایەکی گـــەورە بـــوو ، لـــە ســـەندنەوەی وڵاتەکەیـــدا لـــە دەســـت (بـــارامی گـــۆڕ) یارمـــەتی دابـــوو ، دواتـــر کـــچی خۆیـــشی دابوویـــە نەیـــدەوێرا شـــیرین بخوازێـــت و نەشـــی دەویـــست بیداتەکـــەس ، فـــەرهادی کـــوردی ســـەنگتاش عاشـــقی شـــیرین بـــوو ، داخـــوازی شـــیرینی لـــە خەســـرەو کـــرد ، خەســـرەو نەیویـــست یەکـــسەر دەســـت بـــە ڕوویـــەوە بنـــێ و لـــە دڵـــی خۆیـــدا وتـــی داواکارییـــەکی لێدەکـــەم کـــە نـــەتوانێ جێبـــەجێی بکـــات ، پـــەڵپی کونـــاو دەرکردنـــی چـــیای (بێـــستونی) ی لێگـــرت ، کـــە ئەگـــەر ئـــەو کـــارە بکـــات شـــیرینی دەداتـــێ ، ئـــەوەبوو هێـــزو گـــوڕی عەشـــق (بێـــستون) ی بـــە سەنگتاشـــی بـــە فـــەرهاد کـــون کـــرد ، (خوســـرەو)یـــش بـــەهۆی پیرێـــژنێکی ســـەر ئاســـنینەوە (

فـــەرهاد) ی دا بـــە کوشـــت ، لـــە لایـــەکی تـــرەوە (شـــێرۆ) ی کـــوڕی (خەســـرەو) حـــەزی لـــە (شـــیرین) کـــردو لـــەو پێنـــاوەدا داوی بـــۆ بـــاوکی نایـــەوە و بـــە کوشـــتیدا ، مانـــا نزیکەکەیـــشی ئەوەیـــە کـــە ســـەرداری کـــورد شـــێخی نـــەمر ئامۆژگـــاری (خەســـرەو خـــانی دەرەویانـــە) ی هـــەورامانی کردبـــوو کـــە پێکـــەوە یارمـــەتی یـــەکتر بـــدەن لـــە شـــەڕی ناحـــەزان دا ، بـــەڵام جـــەنابی (خەســـرەو خـــان) ئـــەم ئامۆژگارییـــەی لـــە گـــوێ نـــەگرت و دواتـــر لـــە لایـــەن دەســـەڵاتدارانی ئێرانـــەوە گـــیرا . بـــۆ ئـــەم مانـــا نزیکـــە شـــێخ مـــەحموود مەبەســـتی لـــە (فـــەرهادی کـــورد) خۆیـــەتی ، چـــونکە لـــە هەنـــدێ شـــیعرو نامـــەی تایبەتیـــدا ئـــەم فـــەرهادی کـــوردەی زۆر بـــەکارهێناوە . (بـــۆ ئـــەم زانیارییانـــە بڕوانـــە : فەرەیـــدون عـــەلی ئـــەمین ، ڕۆژنامـــەی هاوکـــاری ژ ١١٩٧ ی ڕۆژی ١٩٩٠/٧/٢٦

بۆ ئیسماعیل حەققی شاوەیس[1]

به یــادگــار ئەینێرم بۆ شاوەیسی رەفیقم [2]
له دیــدارمــا ببینیٚ بۆ میللییەت شەفیقم

(١) دوای شـــــەڕی – ئاوباریـــــــك – ی ســــــاڵی ١٩٣١ و دوور خـــستنەوەی شـــێخی نـــەمر بـــۆ باشـــووری عێـــراق ، لـــە ١٢ ی تـــشرینی دووەمـــی ســـاڵی ١٩٣٣ دا لەشـــاری بەغـــداد جـــێگیر دەبـــێ ، پـــاش ماوەیـــەك وێنەیـــەکی تایبـــەتی خـــۆی بـــە دیـــاری بـــۆ مامۆســـــتای خـــــەباتکار و مێـــــژوونووس خوالێخۆشـــــبوو ئیـــــسماعیل حـــــەققی شـــــاوەیس دەنێـــــرێ و لـــــە پـــــشتی وێنەکەیـــەوە ئـــەم دێـــڕە شـــیعرە دەنوســـێ و ئیمـــزا فـــەرهادی کـــوردی لێـــدەدا کـــە زۆر جـــار ئـــەم نـــاوەی بـــۆ خـــۆی بەکارهێناوە .

(٢) خـــــەباتکارو نووســـــەری بـــــە دیمـــــەن خوالێخۆشـــــبوو (ئیـــــسماعیل حـــــەققی شـــــاوەیس) نـــاوی تـــەواوی (ئیـــسماعیل عـــەلی رەســـوول ئەحمـــەد) ە ، ســـاڵی ١٨٩٤ لـــە شـــاری مووســـڵ لـــە دایکبـــووە ، لـــە ســـەرەتای لاویـــدا بەشـــداری جـــەنگی (بـــــەڵقان) ی کـــــردووە و لـــــە ڕۆژگـــــاری دەســـــەڵاتی تورکەکانیـــشدا بەشـــی خـــۆی ســـزاو تـــاڵاوی نۆشـــیوە ، لـــە جـــەنگی یەکـــەمی جیهانیـــدا بـــە چـــاوی خـــۆی شکـــستی عوسمانییـــەکانی بینیـــوە ، دواتـــریش بـــە هـــاتن و دەســـەڵاتی

ئینگلیزەکـــان دڵـــی نەکراوەتـــەوەو بووەتـــە بەرهەڵـــستارێکی ئاشکرای خاوەن هەڵوێست .

